www.kurdistannet.org
4-7-2006 15:42:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**له چوار گۆشەی زێرینی مۆندیالدا، هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو فەڕەنسا، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و بەرازیلی – یان بۆ ماڵ ناردەوە! ... ڕاپۆرتی وەرزشی - ئامادەکردنی: شاخەوان کەریم ئاکۆی**

akosha@hotmail.com

لە یارییەکانی ئەو دووایەی چوارگۆشەی زێرینی مۆندیالی ئەڵمانیادا، کە خۆی بریتی بوو لە چوار یاری لەنێوان:

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا - ئەرجەنتین 5 – 3 یاریگای بەرلین، بە (پێنج پەناڵتی)
هەڵبژاردەی ئیتالیا – ئوکراینە 3 – 0 یاریگای هامبۆرگ
هەڵبژاردەی ئینگلاند – پۆرتوگاڵ 3 – 1 یاریگای گیلسن کیرشن، بە (پێنج پەناڵتی)
هەڵبژاردەی برازیل – فەرەنسا 0 – 1 یاریگای فرانکفۆرت




زۆر یاری سەرنج ڕاکێش، نامۆ گەرمی یەکلاکەرەوەی جەرگبڕ روویدا. لەوانە سەرکەوتنی تیپی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەسەر تیپی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، بە لێدانی پێنج پەناڵتی کە لەبەرژەوەندی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا 5-3 کۆتایی هات، ئەمەو یارییەکە لە نێو یاریگای نێودەوڵەتی بەرلین بەڕێوەچوو، کە بووە مایەی خۆشحاڵی ئەڵمانییەکان و نا ئومێدکردنی ئەرجەنتینییەکان.




لە لایەکی ترەوە هەڵبژاردەی فەرەنسا کە بە هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان بەناوبانگن، توانیان سەرکەون بەسەر هەڵبژاردەی برازیلی، قوتابخانی یاری تۆپی پێی جیهانی.
کاتێک کە یاریزانی لێهاتووی بە ڕەچەڵەک جەزائیری زینەددین زیدان، لە خولەکی 57 دا تۆپەکەی هەڵدا بۆ تییری هێنری ئەویش توانی تۆڕی برازیلیەکان بهەژێنێت و تاکە گۆڵی خۆی تۆماربکات، بەمجۆرە برازیلیەکان، کە بە تیپی ڕۆناڵدۆو ڕۆناڵدینهۆ بەناوبانگە، کەوتنە پەلەقاژێ و زۆر هەوڵیان دا کە گۆڵی بەرامبەر تۆمار بکەن بەڵام بێسوود بوو، تا کۆتایی لە ئەنجامدا ناوبژیوان ( لویس مەدینە کانتالیژۆی ئیسپانی- کە یارییەکەی بەڕێوەدەبرد) فیکەی خۆی لێداو ئیتر بە یەکجاری برازیلیەکان بێ هومێد بوون.

کارتە زەردەکان بەمجۆرە دابەشکرابوو:

**هەڵبژاردەی برازیل:** کافو، جوان، رۆناڵدۆ، لوسییۆ
**هەڵبژاردەی فەڕەنسا:** ساگنۆل، ساها

بۆ زانیاریتان یارییەکانی داهاتوو بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| هەڵبژاردەی | یاریگای | کات | رۆژی |
|---|---|---|---|
| ئەڵمانیا - ئیتالیا | دۆرتموند | 21:00 | 2006-7-4 |
| پۆرتوگاڵ – فەڕەنسا | مونشن | 21:00 | 2006-7-5 |

رۆژی شەممەی داهاتوو 2006-7-8 کاتژمێر 21:00 بە کاتی ئەوروپا یارییەک ئەنجام دەدرێت بۆ وەدەست هێنانی پلەی سێیەم، بۆ ئەو هەڵبژاردەی کە لەیاری داهاتوودانەتوانێت سەرکەوتن وەدەست بهێنێت. وە ئەوەی سەرکەوتیش بێگومان دەچێت بۆ یار کۆتایی کە لە رۆژی یەکشەممە 2006-7-9 کاتژمێر21:00 ئەنجامدەدرێت لە نێو یاریگای بەرلینی نێودەوڵەتی پایتەختی ئەڵمانیا.





www.kurdistannet.org
4-7-2006 15:42:46**بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

سەیریانکە ن! نایانەوێت گۆڕەپانی یاری جێبهێڵن!! **زیدان** لە کاتی هێرشبردندا
وە زۆر خەمبارن، کە دۆڕاون.




**هێنری** و هەلهەلەی خۆشی   **ڕۆناڵدۆ** و داخ و خەمی دۆڕان





